# تەماشا چۆن پایز بۆتەوە.. ببیستە چەند لە گۆرانیە بێدەنگەکانی ئاو دەچێت

## بۆ قەسیدە تازەکەی جەمال غەمبار

**ئیدریس عەلی**



نازم حیکمەت دەڵێت: ئەگەر بینیتان کەسێك لەسەر جادە دەگری ئەوە بێشك جیهان خەلەلێکی تێدایە.

بابەتی نیشتمان‌و غوربەت‌و دووری‌و تەوزیف کردنیان لە دووتوێی دەقی شیعریدا، بۆخۆی مێژوویەکی هەیە‌و شاعیرانی ئێمە بە درێژایی مێژو تا ئێستا ئەم چەمك‌و بابەتانەیان وەك کەرەستەیەکی بابەتی‌و زیندووی پرۆسەی داهێنان‌و بۆبەرهەمهێنانی ماناو دەلالات‌و رەخساندنی کەشی شیعری تازە چاو لێکردووە.

لەپاش راپەرینەوە بەشێك لە رۆشنبیران‌و نووسەرانی کورد بەهەرهۆیەك بێت سەفەریان کرد بۆ مەنفا، وەلێ هیچ بوونەوەرێکی ناو ژانرەکانی دیکە هێندەی شاعیران نیشتمان‌و یادەوەریەکانیان وەك جانتاکانیان نەداوە بەشانداو لەگەڵ خۆیان نەیانبردووە بۆ غوربەت، پەرینەوەی ئازارو مەینەتی‌و یادەورەیەکانی نیشتمان بۆ نێو زهن‌و خەیاڵی شاعیر کاریگەری راستەو خۆی درووستکردووە بەسەر شیعرەکانیانەوە بەتایبەت شاعیرانی غوربەتنشین ئەمەیان کردۆتە حاڵەتێك بۆ گەیشتن بە یەقینی داهێنان‌و بەرهەمهێنانی ئەو تێکستانەی کەتەڕن بە وردە فرمێسکی رەنگاو رەنگ‌و تژین لەهەناسەی دووری‌و لە پرسیاری وجودیانەی وەك (من چیم لەمبەری زەریاکانەوە؟ کێم لەژێر ئەم هەورە نەناسانەدا کە ئەگەر دڵۆپێك بارانیشیان پێبێت پرچی مەراقم تەڕ ناکەن؟).

کە دەڵێین هیچ بوونەوەرێکی دیکەی نێو ژانرە ئەدەبی‌و هونەریەکانی دیکە هێندەی شاعیر گرنگی نادات بەم چەمك‌و بابەتانە ، رەنگە یەك لەهۆکارەکانی پەیوەندی بەلەحزەی نووسین‌و ساتەوەختی بەرهەمهێنانی تێکستەوە هەبێت، رەنگە لەحزەی نووسین‌و گەران‌و ئاوڕدانەوە شۆڕبوونەوە بەخەیاڵ‌و درووستکردنی پرسیار لەسیاقی شیعریەتدا گەلێك جیاواز بێت لەوساتە وەختەی کەبەرهەمێك یان تێکستێکی تری ئەدەبی تێدا بەرهەم دێت، هەرلەبەر ئەمەیە چەمك‌و بابەتی نیشتمان‌و دوری‌و غوربەت بە پرۆسەیکی خێراترو سەخترو دژوارتردا لەزهنەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو پانتایی دەق.

( جەمال غەمبار ) دیارترین ئەو شاعیرانەیە کەلە هەر بەرهەمێکی شیعرییدا هەست بەتێپەڕاندنی قۆناغێکی نوێ دەکەین بەردەوام لە نوێبوونەوەو خولقاندنی فەزاو کەشی فراوانتری شیعری‌و گۆڕینی زمان‌و گوزارشتکرن‌و ستایلی نووسیندا گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی شیعریەت .

بەتایبەت ئەو شاعیرانەی کە لەدوورەوە غوربەت‌و یادەوەری‌و نیشتمان‌و نەهامەتی ئینسانیان کردۆتە بابەت‌و کەرەستەی شیعری‌و لە پانتایی شیعردا تەوزیفی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتی‌و هۆکارە دەرەکی‌و دەروونیەیان کردووە، هێندەی جەمال غەمبار نەیاتوانیوە زاڵ بن بەسەر شێوەی دەربڕین‌و گەیاندنی ماناو خولقاندنی کەشی شیعری کە لەرێگەی جۆرە زمانێکی سۆزدارو بارگاوی بە فکرو ئەندێشەی ئینسانی وایان کردووە کە جدیەتێك لە پرۆسەی خوێندنەوە لای خوێنەر درووست بکات.

ئەگەر چیی کاری من ئەوەنییەو لەخۆمی رەوانابینم‌و ئاستی رۆشنبیریم لەوە کەمتر بتوانم بە قوڵایی دەقێکدا رۆبچم‌و کەشفی تازەی تێدا بکەم، بەڵام هەستەکەم ئەم نووسینە هەوڵێکی شەرمن‌و سادەو لە خۆبردووی منە بۆ تێگەیشتنم لە ئاست شیعری شاعیرێکی جدی وەك جەمال غەمباردا، بەتایبەت ئەم نووسینە هەڵوەستە کردنێکەلەسەر نوێترین شیعری غەمبار بەناوی( نامبینی چۆن پایز دەبمەوە.. نامبیستیت چەند لە گۆرانیە بێدەنگەکانی ئاو دەچم ) کە لەرۆژنامەی چاودێر بڵاوی کردەوە بەهیوام ئەم نووسینە خۆی لە موجامەلەی شەخسی بەدوور بگرێت‌و کارێکیش نەکات لە پلەو پایەی شیعری دەقەکە کەمبکاتەوە، ئەخوازم ئەم نووسینە سادەو شەرمنە دەسپێکێك بێت بۆ لێکۆڵینەوەو کاری مەزن‌و جدی رەخنە گران‌و لێکۆلیارا نمان چونکە ئەز دڵنیام ئەمە یەکێکە لە تێکستە دەگمەنەکانی شیعری ئێمەو دەکرێت کاری مەزنتری لەسەر بکرێت.

ئێمەو هەر خوێنەرێکی سادە لەرێگەی ئەم شیعرە تازەوە تێدەگەین کە ئەم سەفەرەی غەمبار هێندەی سەفەرێکی ناچارییەو هێندەی سەفەرێکی جەستەییە بۆ حەوانەوە دڵنەوایی جەستەیەکی هیلاك.. سەد ئەوەندە مانەوەی رۆحێکی بریندارو خەیاڵێکی گەڕیدەو عەقڵێکی پڕ لە پرسیارو نیگەرانییە لەنێو ئازارو مەینەتیەکانی نیشتماندا:

هەتا شینبوونی خەیاڵی شاعیرێك بەقامەتی گوناهەوە

هەتا دامرکانەوەی ئاگری دەقێك لەنوێژی ئیماندارێکدا

هەتا خۆم، هەتا ئەم شیعرە هەر ئەڤین

هەتا ئەوێ باهەرچی گڕی سۆزی عاشقان هەیە

لەخەرمانی هیجری من بەربێت.

ئەمە گێڕانەوەی ئەو سەرەتایەیە کە شاعیر تێیدا سەرهەڵدەگرێت، ئەو وەك حیکایەتخوانێك کە سەرەتای چیرۆکێکی دووروو درێژمان بۆ بگێڕێتەوە دەست بە گێڕانەوەی خۆی دەکات، ئەمە سەرەتا دژوارو سەختەکەیە کە شاعیر پێیدا گوزرە دەکات بۆ شوێنێك هەتا تاوێ حەوانەوە بداتە جەستەو دڵنەوایی رۆح بداتەوە، بەڵام کۆتایی ئەو شوێنە نا دیارەو ئاڵۆزی فکری شاعیری تێدا دەردەکەوێت، چونکە غەمبار هیچ شوێنێك هێندەی نیشتمان بە رەوانابینێ بۆحەوانەوە، ئەو دەڕوات بەڵام دڵنیاشە دڵە راوکێ دەیکۆژێت، بیرکردنەوە لە یادەورەیەکان و شوێن و مرۆڤەکانی نیشتمان لە کۆڵی نابنەوە:

با گوڵەکانی سینەم لەگەڵ هەناسەکانی تۆدا بمرن ئەی تەنیا!

وێنا کردنی نیشتمان بە ( تەنیا ) لای شاعیر ئەو یەقینە شیعریەیە کە سەبارەت بەتەنیایی و بێکەسی نیشتمان هەیەتی، ، شاعیر ناچارەو بڕیاری داوە بڕوات بۆ جێیەك کەنازانێ کوێیە بەڵام دەست بە دەستنوێژی شیعر دوعا دەکات.. روو لەقیبلەی نیشتمانەو دەپاڕێتەوە و بەڵێن دەدات تەواوی ئازارو مەینەتیە ئینسانیەکانی نیشتمان لەگەڵ خۆیدا بەشکات، ئەمە ئەو حاڵەتە ئینسانیەی غەمبارە لەشیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە، ئەو ئینتمای بۆ شوێنی دیاریکراو و ئەو شتەی پێی دەڵێن نیشتمان لەو حاڵەتە ئینسانیەوە سەرچاوەی گرتووە کە شاعیر پەیوەندی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی ناو شوێن و نیشتماندا توندو تۆڵتر دەکاتەوە.. کەواتە خەمی نیشتمان لای غەمبار خەمێکی ئینسانی قوڵەو پەیوەستە بە دنیابینی و فکری کەسێتی خۆیەوە کە دواتر لە دەقەکەی دا رەنگ دەداتەوە:

باگوڵ بەشاهید بێت کێ وڵاتەکەی منی خستە

سەر کەڵکەڵەی جێهێشتنی خۆی و..هتد.

لێرەدا شاعیر جەخت لەسەر بەرائەتی خۆی دەکاتەوە گوڵ دەگرێت بەشاهید، شاعیرانی ئێمە زۆر لەمێژە گوڵیان وەك موفردەی شیعری لە شیعردا بەکار هێناوەو چواندویانە بە جوانی و بەرامبەر ئافرەت و پاکێتی و چەندین مانای تر دایانناوە، وەلێ غەمبار گوڵ بەشاهید دەگرێت بۆ مەسەلەیەکی گەورەو ئینسانی، بەخشینی ئەم مانایە بە گوڵ بەخشینی سۆزێکی ئینسانی شاعیرە بە ئینسانەکانی نیشتمان، ئەو باس لەودەستانە دەکات کە پاڵ بە وڵاتەوە دەنێن.. ئەو هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانە دێنێتەوە یادی خوێنەر کە وڵات شەلاڵی نا ئومێدی دەکەن و ژیانی دەکوژن، ( کێ دەستی کرد بە دڵی وەنەوشەکانیدا ) ئەمە پرسیارە گرنگ و بەرابیەکەیە کە گرنگە ئێمە رۆژانە لە خۆمانی بکەین، ئەبێ بپرسین کە ئیتر لە شوێنێکدا مرۆڤ بێهیوا ئەبێت لە ژیان و جوانی.. کە ئیتر مرۆڤ بەبێدەنگی لەو دەستانە ئەڕوانێت کە کە گوڵ و پاکێتی دەکوژن.. لەساتەوەختێکدا کە ئیتر رەشبینی هروژم بۆ مرۆڤ دێنێ و تروسکایەك نامێنی بۆ ژیان .. ئیتر چ ئەمەلێك بۆ ژیان و سەوزبوونی خەون و هیواکان و بالا کردنی لەسەر خۆی هیواکان نامێنێ، بەلام شاعیر لەنێو تاریکترین شوێنەکاندا لەرەشبینترین و بێهیواترین کاتەکاندا هێشتا قسەیەکی ماوە لەبارەی ژیان و جوانیەوە بیکات، ئەو هێشتا پرسیارێکی ماوە لەمرۆڤەکان ( کێ دەستی کرد بە دڵی وەنەشەکاندا )؟

غەمبار لەم قەسیدە تازەیدا چیرۆکێکی ترسناك و دووروو درێژمان بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی نیشتمانێکی بێدەنگ و بێ پرسیار، نیشتمانێك غەرقی نێو تاریکی.. ئەو کارەساتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە رۆژانە لەگەڵی رووبەرووین، کارەساتی ئەو مرۆڤانەی کە پاڵەوانە حەقیقیەکانی نێو چیرۆك و کارەساتەکانن، ئەو لەبری هەمووومان.. لەبری گوڵ و نیشتمان و مرۆڤەکان قسە دەکات و دەپرسێت و خەم دەخوات و دەڵێت:

لەشەوی هەر عاشقێکدا لە سپێدەی هەر دڵێکدا
مەخلوقێك فێربووە لێرەوە بەناو تەمی گۆرانیو
بەناو خەتمی وەرزەکاندا تێپەڕێت
مەخلوقێك وڵاتی بە شانەوەیەو
هەتا هەلاتنی عەتر لەتاریکی.

من لەشیعرەوە ئەو دڵنیایەم لە لادرووست بووە، راستیو حەقیقەتێك لەم چەند دێڕەی شاعیردا هەست پێدەکەم، لێرەوە بۆنکرِوزی سوتانی ئەو رۆحە دەکەم کە وڵاتی داوە بەشانیدا، باوەڕم وایە ساتە وەختی نووسینی ئەم شیعرە کە لە خودی ناونیشانەکەشیەوە ( نامبینی چۆن پایز دەبمەوە.. نامبیستی چەند لە گۆرانییە بێدەنگەکانی ئاو دەچم ) بۆمان دەر دەکەوێت شاعیر لە چ ساتە وەختێکی رەشبینیدایە، ئەمە ئەو حوقیقەتە شیعرییە کە شاعیر نووسینەکانی چەند راستگۆیانەیەو چەند نزیکە لە کەشی رۆحیو فکری خۆیەوە، بەڵام جیاواز لە هەر شاعیرێکی تر کە رەشبینی خۆیان دەنووسنەوەو گوزارشت لە ساتەوەختی نووسین دەکەن، ئەم لە بێهیواییو رەشبینی خۆیدا هێشتا گۆدۆیەکە چاوەڕوان تا هەڵاتنی عەتر، کاریگەری بۆنو عەتر چییە لەسەر مرۆڤ؟ جگە لە هیوایەکی گەورەو ئینسانی بۆ نیشتمانو مرۆڤەکانی نیشتمان، من بۆ خۆم سەرسامم بەم حاڵەتە شیعریەی کە شاعیر سوود لە بێزاریو نیگەرانیەکانی خۆی دەبینێ بۆ بەرهەمهێنانی مانای تازەو خولقاندنی پرسیار گەلێکی وجودیانە لە دەقدا، دەقێك کە ئیتر لە پشتیەوە گوتارێکی ئینسانیو نەمر هەیەو بە روونی خۆی نمایش دەکات.. دەقێك هەڵگری چەندین پرسیارو گومانو دڵەراوکەو دۆزینەوەی پاناتایی کراوەو فراوانی شیعرییە، ئەم شیعرەی غەمبار درێژ کراوەی تێکستەکانی پێشوتری نییە، نە لرووی زمانو وێنە شعریەکانەوە نە ئەو موفرەداتو دەلالاتو مانا ئاشکراو شاراوانەی کە شیعر پێکی دەهێنن، تەنانەت هەست بەگۆڕانێکی جەوهەری لە دنیابینیشیدا دەکرێت، روانینی غەمبارانەی (غەمبار) مان نیشاندەدات بۆ شتەکان، ئەمە خاڵێکی گرنگە بەنسبەت شاعیرەوە کە درێژکراوەو کاریگەری فەزای شیعری پێشووتری خۆی لەسەر نەبێت، هاوکات ئەم شیعرە لەوشوێنەدا جاڕی نەمریو داهێنەرانەی خۆی دەدات کەسەرباری تاریکیەکان بۆ رووناکیەك دەگەڕێت، ئەمە ئازایەتیی مرۆڤ نیشاندەدات سرووشتی کەسایەتی سەرکەوتووە کە کۆڵنەداتو ململانێکان درێژە پێبداتو بچێتە شەڕێکەوە کە دڵنیابێت لە سەرکەوتنی ژیانو جوانیەکان.

ئەم شارانە بۆچی رقیان لە ئاسمانە
ئەم مالانە لەبەر خاتری چیی بێپە نجەرەن؟

نامۆبوونی شاعیر بەژیای مەنفاو لەو گومانو دڵەراوکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە کولتوریو نامۆو تەکنەلۆژیاو شەرەکانی پێشکەوتنو زاڵبوونی فەزای ژیانی تاکگەراییو سست بوونی سیستمیپەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکانی ئەوێ دروستیان کردووە.. بەشێکی زۆری بێهیواییەکەی شاعیر کە لەم شیعرەیدا ئامادەیی هەیە راستەو خۆ پەیوەندی بەو جۆرە ژیانەی ئەوێوە هەیە، ولاتێك لەبەر ساختومانی بەرز بەرز لەبەر دوکەڵی کارگەکانو لەبەر جەنجاڵیو راکردن بەشوێن ژیاندا ئاسمانی لێوە دیار نییە .. ئەو ماڵانەی بێپەنجەرەن ئەو جۆرە مرۆڤانە تێیدا دەژین کە ئیتر چاوەڕێی هاتنی هەتاوو دڵۆپێك بارانو میوانێکی ماندوو ناکەن، پەنجەرە لێرەدا هێمایە بۆ دیتنو روانین، ئاماژەیە بۆ چاوەڕوانی شاعیرێك .. غەمبار نامۆیە بەم ژیانەو کەڵکەڵەی نیشتمانیەتی.. بیردەکاتەوە دەپرسێت:

ئەرێ گوڵ هەیە بزانێ لەکوێ جیماوە دڵی ئەو.

وتمان دڵی غەمبار لێرەیە.. لەنیشتمان.. لەوێ مرۆڤەکان ناپرسن لەنامۆیی شاعیر.. ناپرسن لەبێزاریەکانی لە بێدەنگیەکانی لەمردنەکانی ناپرسن.. ئەو خۆی دەپرسێت لە نەپرسینی ئەوان ئەپرسێت، دواتر هەست بەمردن دەکات، مردنێکی کاتی، ئەو پێی وایە تا لەوێ بێت مردووە، ئەوەتا ئەپرسێت: ئەرێ کەس مردنێکی چۆڵ شك نابات؟

لەراستیدا ئەم سۆزو عیشقو بیرکردنەی نیشتمان لای شاعیر حاڵەتێکی سۆزدارو عاتفیو هاکەزایی ناسیۆنالستانە نییە، بەڵکو رەهەندی ئینسانیو فیکری قوڵی هەیە ، وەك دەڵێن تاکی خۆرهەڵاتی بەتاییەت کورد سروشتی کەسێتیان عاتفیو لاوازو بێدەسەڵاتنو دوورن لە لۆژیکی مەنتقیو عەقڵییەوە، هاوکات ئەو سۆزو عەتفە بەرکەوتنی شاعیرانەیە لەگەڵ

دوورترین شوێنەکانی شیعردا.. ئەو شوێنانەی تەنیا خەیاڵی شاعیری جدی دەتوانێ پێیان بگاتن ڕۆرچوون و دەستدان و شۆڕبوونەوە بەناو نهێنیەکانی نێو دەقدا، راوەستان لەبەردەم ئەو پرسیارو گومان و دڵە راوکێیانەدا ، دەربڕین و گوزارشتکردنی راستگۆیانەی رۆح و خەیاڵ لەگرنگترین چەمك و موفرەدات و خەسلەت و ئەو شێوازانەن کە ئێمە ئەگەر لامسەلایش بێت دەتوانین شیعری جوانی پێبناسینەوە.